دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی داعش لەکەرکوک

ئەمرۆ یەک شەممە،شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی ، دەستگیرکردنی دوو تیرۆریستی ڕاگەیاند.

شانەکە لە بەیاننامەیەکدا بڵاویکردەوە :-لە ئۆپەراسیۆنێکی تایبەتدا و بەپێی هەوڵی هەواڵگری دیار و بەدواداچوونی بەردەوام، هێزەکانی دەزگای دژە تیرۆر توانیان دوو تیرۆریست دەستگیر بکەن، یەکێکیان لەبەشی ئامادەکردنی چەتەکان کاری کردوە و ئەوی تریان گواستنەوەی چەتە تیرۆریستەکانی داعش بوە لە پارێزگای کەرکوک.

وەک بەیاننامەکە ئاماژەی پێداوە:هێزە ئەمنییەکانمان بەردەوامن لە ئۆپەراسیۆنەکانیان بۆ بەدواداچوونی پاشماوەی چەتە تیرۆریستییەکانی داعش تاوەکو خاکی خۆشەویستمان پاکدەکرێتەوە